


## هۆزان کاوە:

# پێویستە هونەرمەندانی کورد دەستبەردای بەرژەوەندی خۆیان بن و هەموو کارێک لەپێناو یەکگرتنی گەلی کورد ئەنجام بدەن

**هۆزان کاوە یەکێك لە هونەرمەندە دەنگخۆش و بەئەزموونەکانی باکووری کوردستانە، لە گوندی (پاڵاس)ی سەر بە شاری (مووشێ)ی هەرێمی سەرحەدی باکووری کوردستان لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٧دا دەستی داوەتە کاری هونەری و بە هۆی بەردەوامبوونی لەسەر گۆرانیگوتن بە زمانی کوردی لە ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ١٩٩٥ لەلایەن تورکیاوە بەندکرا و دوای ئازادبوونی لە ساڵی ١٩٩٥ بەناچاری ژیانی پەنابەری هەڵبژارد و لە وڵات دەرکەوت و چووە فەرەنسا، لە فەرەنسای وڵاتی جوانی و هونەر لە فیستیڤاڵێکی شانۆییدا بەشداریی کرد و لە شانۆگەرییەکدا ڕۆڵی کاوەی ئاسنگەری بینی، لەو ڕۆژە بە دواوە ناسناوی کاوەی پێ بەخشرا و لە ساڵی ٢٠٠١ دا یەکەمین بەرهەمی هونەری خۆی بە ناوی(ئاڤا ئەڤین)ێ بڵاوکردەوە، لەو کاتەوە بەردەوامە و ئێستا خاوەن ٦ بەرهەمی هونەرییە، بڕیاریش وایە حەوتەمین بەرهەمی لە نەورۆزی ئەمساڵ بڵاوبکاتەوە.، کاوە بەم دواییە سەردانی باشووری کوردستانی کرد بۆیە بە دەرفەتمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بکەین.**

**گوڵان:هەژارمەموزینی**

***مەبەستت لەسەردانی ئەمجارەت بۆ باشووری کوردستان چی بوو؟**

- بێگومان مەبەستی سەرەکیی ئەم سەردانەم ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەرییە، لەوانەش تۆمارکردنی کلیپی چەند گۆرانییەك وەک (گوڵامن و دایکەکەم)، جگە لە کاری هونەری حەزم کرد دووبارە بە خاکی کوردستان شاد ببمەوە.

*** وەک زانیومانە بەرهەمە نوێیەکەت نزیکەی ساڵێکە ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام تا ئێستا بڵاو نەکراوتەوە، دەکرێ بزانین هۆکاری ئەم دواکەوتنە چییە؟**

- پاش ئەوەی پارساڵ کاری حەوتەمین بەرهەمم کۆتایی هات و ئامادەبوو بۆ بڵاوکردنەوە، بە نیاز بووین لە تورکیا و پارچەکانی کوردستان بڵاوبێتەوە، بەڵام وەک دیارە بارودۆخی کوردستان بە گشتی تێکچوو، شەڕ و ئاڵۆزی لە باکووری کوردستان هاتەئاراوە، بۆیە منیش پێم باش بوو پەلە نەکەم لە بڵاوکردنەوەی.

*** بڕیارت داوە کەی بڵاوی بکەیتەوە؟**

- ئەگەر بارودۆخ لەبار بوو، هیچ ئاستەنگی دیکە دروست نەبێت، بڕیار وایە لە نەورۆزی ئەمساڵ لە هەموو پارچەکانی کوردستان بڵاوبکرێتەوە.

*** کاوە دەتوانێت کاری نواندنیش ئەنجام بدات، بەڵام بۆ تا ئێستا بەشداریت لەهیچ فیلمێکدا نەکردووە؟**

- وەکو دیارە، سینەمای کوردی زۆر پێش نەکەوتووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستان دۆخێکی سەخت تێپەڕ دەکەن و خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆ نین، بۆیە هەر ئەمەش وایکردووە تا ئێستا بەشداری هیچ پرۆژەیەکی سینەمایی، یان نواندنم نەکردووە.

*** بۆ داهاتوو بەنیازی بەشداریکردن لە کاری نواندن نیت؟**

- لە ئێستادا پڕۆژەیەکی فیلمم لەبەردەستە، چیرۆکەکەی نووسراوە و ئەکتەرەکانیشی ئامادەن، جگە لە ئەکتەرانی کورد بڕیار وایە چەند ئەکتەرێکی بیانیش بەشداری تێدا بکەن، تەنیا لایەنی ئابووری و سپۆنسەر ماوە، چونکە بۆ ئەم پڕۆژەیە پێویستیمان بە هاوکاری ئابوورییە.

*** ناوەڕۆکی ئەم فیلمە چی لە خۆگرتووە و بڕیارە لە کوێ کارەکانی ئەنجام بدرێت؟**

- فیلمێکی مێژوویییە، واتە باس لە مێژووی کوردستان دەکات و گەر پڕۆژەکەمان دەست پێکرد بێگومان لە باشووری کوردستان زۆربەی کارەکانی ئەنجام دەدەین.

*** بڕیارە چ ڕۆڵێک لەو ئەم فیلمەدا ببینی؟**

- ڕۆڵی سەرەکی لەو فلیمەدا دەبینم، بەڵام من پێموایە گرنگی لەوەدا نییە کە من ڕۆڵی تێدا ببینم، یاخود چ ڕۆڵێکم پێ دەسپێردرێ، بەڵکو ئەوەی زیاتر بە لای منەوە گرنگە ئەو پڕۆژەیە کە ئێستا لە سەری کاردەکەین سەربکەوێت و ئامانج و پەیامی خۆی بگەیەنێت، بۆ ئەوەی خزمەتی گەلەکەمان لە ڕووی سینەماشەوە بکەین.

*** پێتوایە لەو دۆخە هەستیار و ئاڵۆزەی ئێستا کە گەلی کورد تێیدا گوزەر دەکات لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ڕۆڵی هونەرمەند چییە؟**

- بەر لە هەموو شتێک گرنگە هونەرمەندی کورد بە لەبەر چاوگرتنی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە هەرچوار پارچەی کوردستان هەیە، دەستبەرداری بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆی بێت و هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ خزمەتکردنی بەرژوەندی گەلەکەمان، هەروەها هەموو هەوڵێک بدەین کارەکانمان لەپێناو یەکخستنی گەلی کورد و نێوماڵی کورد بێت، چونکە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە یەکریزی هەیە، بۆیە دەبێت زیاتر گۆرانی بۆ شەهیدەکانمان و یەکگرتنی لایەنە کوردییەکان بچڕین و خانەوادەی شەهیدان بەسەر بکەینەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە تاکێکن لەو گەلە و دەبێت لە ڕێگای هونەرەوە خزمەت بەم گەلە بکەین کە سەدان ساڵە بە دەست دوژمنانیەوە دەناڵێنێت، چونکە گەر وا نەکەین مافی گەلە لە ئارامی لێمان نەبوورن و پێمان بڵێن: چیتان بۆمان کردووە؟

*** کام لە بەرهەمەکانت لەلات تایبەتن؟**

- لەبەر ئەوەی سەرجەم بەرهەمە بڵاوکراوەکانم هەر یەکەیان لە ڕەوشێکی تایبەتدا بەرهەم هاتوون، کە باسی خاک و ڕەوشی پەنابەری و زۆر شتی تر دەکەن، هەموویان لەلام تایبەت و خۆشەویستن.

*** لە کاتی گەڕانەوە بۆ باکووری کوردستان لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە هیچ کێشەیەکت بۆ دروست دەکرێت؟**

- دوای ئەوەی نەورۆزی پارساڵ گەڕامەوە باوەشی باکووری کوردستان کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بۆم نەبوو بگەڕێمەوە، لەکاتی گەیشتنم لە فڕۆکەخانە بۆ ماوەی ٢٠ کاتژمێر خرامە ژێر لێکۆڵینەوە و دواتر ڕێگەم پێدرا، بۆیە ئێستاش ئەگەر بمەوێت بگەڕێمەوە بەربەستم لەبەردەمدا دروست دەکەن.



# بریانکا:
# رکابەریّتی کەس ناکەم

ماوەیەك بەر لە ئیّستا خانمە ئەستیّرەی هیندی دیبیکا بادکۆن یەکەم گریّبەستی خۆی ئیمزا کرد بۆ بەشداریکردن لە یەکەم پرۆژەی هونەری خۆی لە هۆلیۆد بە ناوی (The Return Of Xander Cage) لەگەڵ ئەستیّرەی ئەمریکی ڤین دیزل، راستەوخۆ دوای ئیمزا کردنی گریّبەستەکە هەواڵی ئەوە بڵاوکرایەوە کە بریانکا شوپرایش لە یەکەم فیلمی جیهانی بە ناوی (Baywatch) بەشداری دەکات.

هەواڵی بەشداریکردنی شوپرا چەندین پڕوپاگەندەی بەدوای خۆیدا هیّنا دەربارەی رکابەریّتی نیّوان ئەم دوو ئەستیّرەیە، بەڵام دواتر لە ریّگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بریانکا ئەم هەواڵانەی رەت کردەوە و رایگەیاند کە ئەم پڕوپاگەندانە دوورن لە راستییەوە و من زۆر شانازی بە دیبیکاوە دەکەم، چونکە هەر هیچ نەبیّت من و ئەو خەڵکی یەك وڵاتین کە هیندستانە و کار دەکەین بۆ بەرز کردنەوەی ناوبانگی وڵاتەکەمان.

بریانکا لە کۆمیّنتیّکدا وتی: هیوای سەرکەوتن بۆ دیبیکا دەخوازم لەو پرۆژە هونەرییە نوێیەدا و گومانم لە سەرکەوتنی نییە.



# میلا جوڤۆڤۆیتش: لە هۆلیۆدیش هاوڕێی زۆرم نییە

خانمە ئەکتەری بە ڕەچەڵەك ئۆکرانی میلا جۆڤۆڤیتش ئاشکرای کرد هەر لە تەمەنی منداڵییەوە کاتێك لە قوتابخانەش بووە، هاوڕێی زۆری نەبووە، هەرچەندە بەشداری لە زۆربەی ئاهەنگەکانی قوتابیاندا دەکرد.
لەم بارەیەوە میلا زیاتر دەڵێ: من زوو رووم لە نواندن کرد، ئەمەش وایکرد کە شارەزاییەکی زۆرم نەبێت، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت کە بەشی هەرەزۆری پێوەندی لە نێوان ئەو کەسانەی لە کەرتی نواندن کار دەکەن ڕاشکاوانە نییە، بۆیە پێم سەیرە خەڵك وا بیر دەکەنەوە کە پێوەندیی باش و بەهێز لە نێوان ئەستێرەکانی هۆلیۆد دا هەیە، چونکە زۆر جار نووسەر و ڕۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن وێنایەکی وا دەربارەی ئەستێرەکانی درووست بکەن گوایە ئەوان یەکتریان خۆشدەوێت و پێکەوە دەژین وەك ئەوەی بڵێی لە بەهەشتدان، بەڵام لە ڕاستیدا وانییە و هەریەکیان دەیەوێت تایبەتمەندی و پێوەندییەکانی خۆی بپارێزێت.
میلا دەربارەی پێوەندییەکانی خۆی دەڵێ: چۆن لە ڕۆڵی ئەلیس کەسێکی توندم لە ژیانی ئاسایی خۆشمدا تا ڕاددەیەکی زۆر کەسێکی وام بەتایبەتی لە بارەی پابەندبوونم بە بەڵێنەکانم و ئەو بەڵێنانەی پێم دەدرێن، چونکە ئەمە زۆر گرنگە و پێوەندی بە کەسایەتی و ژیانی هەر مرۆڤێکەوە هەیە، بەداخەوە لە ئێستادا خەڵك زۆر گرنگی بە بەڵێنەکانی خۆیان نادەن، منیش ئەمەم پێ قبووڵ ناکرێ، مردنم پێ باشترە لەوەی ناپاکی بەرامبەر بە هیچ کەسێك بکەم، بۆیە هاوڕێکانم سنووردارن.



## ئەحلام حەجی:

# فەیسبوکم داخستووە، چونکە سەر ئێشە بوو و بێزاری کردبووم

ئەگەرچی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەکۆیەکی باشن بۆ ئەوەی مرۆڤ بیروڕا و سەرنج و تێبینییەکانی دەربارەی ڕووداو یان بیرەوەری و بۆنەکان لە ڕێگای ئەم تۆڕانەوە بخاتەڕوو، تەنانەت بۆتە باشترین شوێن بۆ ئەوەی هونەرمەندان و یاریزانان و ناوداران هەواڵ و چالاکییەکانی خۆیانیان تێیدا بۆ جەماوەری خۆیان ئاشکرا بکەن و لێی ئاگادار بن، بەڵام لە هەمان کاتدا گرفتی زۆریشی درووستکردووە بۆ هەندێکیان بەتایبەتی لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتییەکان.
ئەحلام حەجی شاجوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نمایشکار و هونەرمەندی مەغریبی یەکێکە لەو کەسانەی کە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوکی بەکار دەهێنا و کاتی بۆ تەرخان دەکرد، بەڵام دواتر بە یەکجاری ئەکاوەنتەکەی خۆی داخست، لەم بارەوە ئەحلام لە لێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان وتی: تەکنۆلۆژیا ئێستا بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی هەر کەسێك لە ئێمە، ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شوێنی باشن بۆ ئەوەی خەڵك بیروڕاکانیان تێیدا بخەنەڕوو، بۆ هونەرمەندانیش ئەم تۆڕانە گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە هونەرمەند پێویستی بەوە هەیە کە بەردەوام لە پێوەندیدا بێت لەگەڵ جەماوەرەکەی و لێیان دانەبڕێت ئەمەش باشترین شوێنە بۆ ئەم بەردەوام بوونە و بۆ ئەوەی جەماوەر ئاگادار کار و چالاکی وبەرهەمەکانی هونەرمەندان بێت، ئەمەش وادەکات ئەم پێوەندییە بەردەوام بێت.
هەر سەبارەت بەم بابەتە ئەحلام زیاتر وتی: هەرچەندە بە هۆی کاری خێرخوازی و کاری بەردەوامم کاتم زۆر نەبوو و زۆریش لە گەشتدابووم، بەڵام سەرەڕای کەمی کات من یەکێك بووم لەوانەی کە ڕۆژانە بەپێی پێویست کاتم بۆ فەیسبووك تەرخان کردبوو و جگە لە بڵاوکردنەوەی کارو چالاکییەکانم تەنانەت وەڵامی ئەو کەسانەشم دەدایەوە کە پرسیاریان دەربارەی من هەبوو ئەگەر پرسیارەکان پێوەندی بە خودی خۆشمەوە هەبوایە و زۆر جار دیمانەشم لە ڕێگای فەیسبووکەوە ئەنجامداوە، بەڵام بەداخەوە دواتر هەستم کرد کە چەندین ئەکاونت بە ناوی منەوە درووستکراوەو کەسانێك لە ڕێگای کۆمێنتەکانیانەوە دەیانەوێ کەسایەتی من لەکەدار بکەن بۆیە چەندین قسەی ناشیرین و نابەجێ و وێنەی درووستکراویان بڵاودەکردەوە ئەمەش بە تەواوی بێزاری کردم و هەستم کرد لە سەرئێشە زیاتر هیچی تر نییە بۆیە بڕیارمدا دایخەم و هەست دەکەم لە گرفتێکی گەورە ڕزگارم بووە و هەرچەندە ئێستا هیچ ئەکاوەنتم لە فەیسبووك نییە، بەڵام پێوەندیم لەگەڵ جەماوەریش ماوە و نەپچڕاوە.